Royal College of Anaesthetists

Association of Paediatric Anaesthetists of Great Britain and Ireland

# سڕکردنی گشتی

## ڕێبەرێک بۆ گەنجان

## سڕکردنی گشتی

سڕکردنی گشتی بریتییە لەوەی کە پزیشکە سڕکەرەکەت دەرمانێک (یان هەندێک جار گازی سڕکەر) بەکاردێنێت و دەتخاتە حاڵەتێکی وەکو خەوێکی قووڵ، کە لەو ماوەیەدا ناتوانیت هیچ شتێک ببینیت یان ببیستیت یان هەستی پێ بکەیت. ئەمە واتا تۆ بێ ئاگایت و ناتوانیت بەئاگا بێیتەوە تاکو سڕکەرەکە کاریگەرییەکەی نامێنێت. سڕکردنی گشتی بۆ کۆمەڵێک ڕێکاری پزیشکی زۆر پێویستە وەکو نەشتەرگەری و هەندێ پشکنینی پزیشکی.

## دەستەی سڕکردن

پزیشکانی سڕکەر ئەو پزیشکانەن کە ڕاهێنانی تایبەتیان لە بەکارهێنانی دەرمانە سڕکەرەکاندا وەرگرتووە تا خەڵک بە ئاسوودەیی و سەلامەتی بهێڵنەوە کاتێک نەشتەرگەری یاخود پشکنینیان بۆ دەکرێت. تۆ و باوانت یان بەخێوکەرت بەر لە ڕێکارەکان چاوتان بە پزیشکێکی سڕکەر دەکەوێت. دوای ڕێکارەکە لەسەر پلانێک لەگەڵتدا ڕێک دەکەون دەربارەی سڕکەر و ئازارشکێنەکەت. بە وەڵامدانەوەی هەر پرسیارێک کە هەتبێت خۆشحاڵ دەبن. لە ماوەی نەشتەرگەری یان پشکنینەکەدا ئەندامانی دیکەی تیمەکە یارمەتی پزیشکی سڕکەر دەدەن، بۆ نموونە، هاوکارانی سڕکردن و ڕاهێنراوانی بەشی نەشتەرگەری (کە هەندێک جار پێیان دەگوترێت ODPs) و پەرستارانی ژووری نەشتەرگەری.
هەروەها لەوانەشە چەند هەفتەیەک یان چەند ڕۆژێک پێش ڕێکارەکە بانگێشت بکرێیت بۆ نۆرینگەیەکی هەڵسەنگاندنی پێشوەختە. لەوێ پەرستارێک لەبارەی تەندروستیت پرسیارت لێ دەکات و هەر پشکنینێک ڕێکدەخات کە ڕەنگە پێویست بێت. ئەمە دەرفەتێکی ترە بۆ کردنی هەر پرسیارێک کە تۆ و باوانت یان بەخێوکەرەکەت ڕەنگە هەتانبێت.

## ڕەزامەندی

پزیشکی سڕکەر لەگەڵ خۆت و باوانت یان بەخێوکەرەکەت کاردەکات تا لەسەر پلانێک ڕێک بکەون بۆ چاودێریکردنت. هیچ بەسەردا نایەت تا پلانەکە تاوتوێ و پەسەند دەکرێت. هەرچەند پرسیارت هەیە دەتوانیت بیکەیت تا لە هەموو شتێک تێبگەیت کە ڕوودەدات و بە پلانەکە 'قایل' (ڕازی) بیت. هەر کاتێک بە پلانە پێشنیارکراوەکەی چاودێریکردنت ئاسوودە بوویت، تۆ یاخود باوانت یان بەخێوکەرەکەت بەڵگەنامەیەکی ڕەزامەندی واژوو دەکەن. ئەگەر تەمەنت ئەوەندە گەورە نەبوو کە خۆت فۆرمی ڕەزامەندی واژوو بکەیت، ئەوا باوانت یان بەخێوکەرەکەت دەبێ ڕەزامەندی بدەن بۆ نەشتەرگەرییەکەت. هەتا گەورەتر دەبیت دەتوانیت قسەی زیاترت هەبێت لەو بڕیارانەدا.

دەتوانیت لە خوارەوە لەبارەی ڕەزامەندی بۆ منداڵان و گەنجان زیاتر بخوێنیتەوە:
ئینگلتەرا: https://bit.ly/NHS-consent
سکۆتلەندا: https://bit.ly/NHSinform-consent.

# ئامادەبوون بۆ سڕکردنەکەت

## تەندروستیت

- پێویستە تا دەکرێت تەندروست بیت پێش سڕکردنت. گۆڕانکاری تەندروست لە شێوازی ژیانتدا پێش سڕکردنەکەت یارمەتیت دەدات زووتر چاک ببیتەوە.
- ئەگەر دەتوانیت، شەش هەفتە پێش نەشتەرگەرییەکەت هەوڵ بدە دووکەڵی جگەرە یان ڤەیپی کەس هەڵنەمژیت. هەروەها گرنگیشە کە خۆت جگەرە یان ڤەیپ نەکێشیت. ئەگەر دەکرێت داوا لەو کەسانە بکەیت کە جگەرە یان ڤەیپ دەکێشن و لەگەڵیاندا دەژیت لەو ماوەیەدا لە دەرەوە بیکێشن. واز هێنان لە جگەرەکێشان یان کەمکردنەوەی پێش نەشتەرگەری دەتوانێت کاتی مانەوەت لە نەخۆشخانە کەم بکاتەوە و چاکبوونەوەی برینەکان و کارکردنی سییەکانت بەرەو پێش ببات.
- نابێ لە هەفتە و ڕۆژەکانی پێش نەشتەرگەری کحول بخۆیتەوە. کحولی زۆر دەکرێ وا لە جگەرت بکات کە بە دروستی کار نەکات و چاکبوونەوە و ساڕێژبوونت هێواش بکاتەوە.
- بۆ سەلامەتی خۆت، ئەگەر دەرمانی دژەسکپڕی یان ئالۆدەکەر یان تەواوکەرەکان بەکاردێنیت پێویستە پزیشکە سڕکەرەکەت ئەوە بزانێت.
- کاتێک پزیشکە سڕکەرەکە پرسیارت لێ دەکات دەربارەی جگەرە کێشان و خواردنەوە و بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان، تکایە لە وەڵامەکانتدا ڕاستگۆبە. ئێمە دەزانین لەوانەیە شتێکی ناخۆش بێت کە باسی ئەم کێشانە بکەیت، بۆیە ئەگەر پێت باشترە باوانت یان بەخێوکەرەکەت ئامادە نەبێت، دەتوانی داوا بکەیت بە تەنها قسە لەگەڵ پزیشکە سڕکەرەکەدا بکەیت. ڕاستگۆبوون بە مانای ئەوە نایەت کە دەکەویتە کێشەوە!
- ئەگەر نەشتەرگەریت بۆ دەکرێت، دەبێ ڕەچاوی خواردن و ئاستی لەش ڕێکیشت بکەیت. دەتوانیت ئەو ماوەیەی چاوەڕێی نەشتەرگەریت بەکاربێنیت بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە خۆت لەش ڕێک بکەیت، تاکو بتوانیت خێراتر چاکبیتەوە و بگەڕێیتەوە باری ئاسایی. دەتوانیت زانیاری زیاتر دەربارەی خۆ ئامادەکردن بۆ نەشتەرگەری لەسەر ماڵپەڕەکەمان بدۆزیتەوە کە بە زمانی جیاواز لێرە بەردەستە: www.rcoa.ac.uk/patientinfo/translations#languages.
- ئەگەر هەر گرفتێکی تەندروستی درێژخایەنت هەیە و بەباشی چاڵەونەکراوە، پێویستە خۆت یاخود باوانت یان بەخێوکەرەکەت پێش بەرواری نەشتەرگەرییەکەت پەیوەندی بە پزیشکی گشتی یان پزیشکی پسپۆڕەوە بکەن و ئاگاداری بکەنەوە لەوەی بەم نزیکانە سڕکردنت بۆ دەکرێت. ئەوکات دەتوانیت قسەیان لەگەڵدا بکەیت دەربارەی ئەو هەنگاوانەی تۆ و پزیشکی سڕکردنەکەت پێویستە بیگرنەبەر تا لەو ماوەیەی لە نەخۆشخانەدایت ئەوەندەی لە توانادایە سەلامەت بیت.
- هەر دەرمانێک کە بە بەردەوامی بەکاریدێنیت لەگەڵ خۆتدا بیهێنە بۆ نەخۆشخانە. ئەگەر پێویست بێت واز لە بەکارهێنانیان بێنیت ستافی نەخۆشخانەکە پێت دەڵێن.
- ئەگەر کرا، زانیاری دەربارەی هەر جۆرێکی هەستیاری بزانە یان هەر تاکێکی خێزانەکەت کە هەستیارییان بە دەرمانی سڕکەر هەبووە، تا بتوانیت بە پزیشکە سڕکەرەکەت بڵێیت.
- شتێکی ئاساییە کە پشکنینی دووگیانی بۆ هەر کچێک بکرێت کە سووڕی مانگانەی دەستی پێکردووە یان تەمەنی سەرووی ١٢ ساڵە بە وەرگرتنی نمونەی میز. ئەمە لەبەرئەوەیە کە دووگیانی، تەنانەت لە قۆناغی سەرەتاکانیشدا، دەکرێ کار لە شێوازی کارکردنی هەندێک سڕکەر بکات، بۆیە پێویستە پزیشکە سڕکەرەکە ئەمە بزانێت. هەروەها هەندێک چارەسەر یان پشکنین دەکرێ زیان بە منداڵی لەدایک نەبوو بگەیەنن. پزیشک و پەرستارەکان تێدەگەن کە دەکرێ ئەمە بابەتێکی هەستیار بێت بۆ تاوتوێکردن، بۆیە سەلامەتترین و باشترین ڕێگە ئەوەیە هەموو کەسێک بپشکنن. ستافی نەخۆشخانە ڕاهاتوون بە ئەنجامدانی ئەم پشکنینانە زۆر بەخێرایی و بەپارێزییەوە.

زانیاری زیاتر دەتوانرێت لێرە بدۆزرێتەوە:
.https://flipbooks.leedsth.nhs.uk/LN005583.pdf

## خواردن وخواردنەوە پێش سڕکردنت

- پێویستە نەخۆشخانەکە ڕێنمایەکی ڕوونت پێ بدات دەربارەی ئەوەی لە چی کاتێکەوە خواردن و خواردنەوە نەخۆیت پێش نەشتەرگەریەکە.
- گرنگە ئەم ڕێنماییانە پەیڕەو بکەیت بۆ سەلامەتیت. ئەگەر خواردن یان شلەیەکی زۆر لەناو گەدەتدا هەبێت لەماوەی سڕکردنتدا، دەکرێت بگەڕێنەوە بۆ ناو قورگت و بچنە ناو سیەکانتەوە. دەکرێت ئەمە ببێتە هۆی خنکان یان زیان گەیاندنێکی زۆر بە سییەکانت. بە شێوەیەکی ئاسایی هاندەدرێیت کە بڕێکی کەمی شلەمەنی ڕوون بخۆیتەوە (بەزۆری ئاو یان شەربەتی ڕوون) - ئەمە سەلامەتە هەتا نزیکترین کاتی سڕکردنت.

## پۆشاک

- جلێکی فراوان و ئاسوودە بپۆشە کە لە دواییدا ئاسان بێت بۆ شوشتن. خۆت بەدوور بگرە لە پۆشینی جلی نوێ و بەنرخ بۆ هاتنە نەخۆشخانە.
- بپرسە کە ئایا پێویست دەکات بیجامە، سەرپایە و/یان جلی ماڵەوە ببەی لەگەڵ خۆتدا.
- جلێک بێنە کە بەکاریبهێنی بۆ ڕۆیشتنە ماڵەوە.
- دەکرێت داوات لێ بکرێت کە جلی نەخۆشخانە بپۆشی.
- بە شێوەیەکی ئاسایی دەتوانیت زۆربەی جلەکانی ژێرەوە دانەکەنیت کە دەچیتە ژووری نەشتەرگەری، لەوانەش ستیان ئەگەر هیچ تەلێکی تێدا نەبێت، بەڵام لەگەڵ پەرستارەکەت ئەوە دڵنیا بکەوە. هەندێک جار لە کاتی نەشتەرگەری یان پشکنین پێویستە جلی ژێرەوە دابکەنیت.
- جاروبار، پزیشکی نەشتەرگەری هەندێک مووی ناوچەی نەشتەرگەری دەتاشێت، بەڵام بە شێوەیەکی ئاسایی پێش ئەوە ئاگادارت دەکەنەوە.
- دەکرێت داوات لێ بکرێت کە پێش نەشتەرگەری گۆرەوی لاستیکی درێژ تا ئەژنۆکانت لە پێ بکەیت. ئەمە یارمەتیدەرە بۆ هێشتنەوەی جوڵەی خوێن لەناو قاچەکانت بۆ دووربوون لە خوێن مەیین.

## گەوهەر و ماکیاژ

- تکایە ئەگەر دەکرێت هەر گەوهەر و جوانکارییەکی گوێ لە ماڵەوە جێ بهێڵە. ئەگەر نەتتوانی گەوهەرەکانت لێ بکەیتەوە، دەتوانرێت بە تێپ دابپۆشرێت تا ڕێگە بگرن لە زیان پێ کەوتنیان یان زیانکەوتن بە پێستت.
- تکایە دووربکەوە لە بەکارهێنانی ماکیاژ و برژانگی دەستکرد و هەر جۆرە جوانکارییەکی نینۆک (نینۆکی دەستکرد، جێڵ، ئەکرلیک، بۆیەی نینۆک، هتد). دەکرێ برژانگی دەستکرد زیان بە چاوەکانت بگەیەنێت کاتێک خەوتوویت وە ڕازاندنەوەی نینۆک دەکرێ ڕێگری لە کارکردنی ئامێرەکان بکات بەباشی. ڕەنگە ئەمانە لەلایەن ستافی نەخۆشخانە لاببرێن و چارەسەرکردنەکەیت دوابکەوێت.

## کات پڕکردنەوە

- زۆرجار کاتی چاوەڕوانی درێژخایەن دەبێت.
- شتێک بێنە بۆ ئەنجامدان (بۆ نموونە، کتێب، گۆڤار یان مۆبایلەکەت). تکایە بیرت بێت بیستوک و بارگاویکەر بهێنیت.
- تکایە لە بیرت بێت کە جگەرە نەکێشیت یان بنێشت نەجوویت لە کاتی چاوەڕوانیدا، وە بە وریاییەوە شوێن ڕێنماییەکانی خواردن وخواردنەوە بکەویت.

# وەرگرتنی سڕکەر

- بەزۆری پزیشکە سڕکەرەکەت لە ژوورێک کە دەکەوێتە تەنیشت ژووری نەشتەرگەری دەست دەکات بە سڕکردنت، پێی دەگوترێت ژووری سڕکردن. لەوانەیە هەندێک جار لەناو ئەو ژوورەدا ئەنجام بدرێت کە نەشتەرگەرییەکە یان پشکنینەکەی تێدا دەکرێت.
- بەشێوەیەکی ئاسایی پزیشکە سڕکەرەکەت بە پێدانی هەندێک دەرمان لە ڕێگەی کانولاوە دەست بە سڕکردنت دەکات (بڕوانە لای خوارەوە بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەمە). لە هەندێک حاڵەتی کەمتردا، داوات لێ دەکەن جۆرە گازێک هەڵبمژیت کە بۆنی کەمێک لە قەڵەمی ماجیک دەچێت. پزیشکە سڕکەرەکەت ئەو شێوازەت لەگەڵدا تاوتوێ دەکات کە باشترینە بۆ تۆ و باوانت یان بەخێوکەرەکەت.
- پێدانی دەرمان لەڕێگەی کانولاوە خێراترین ڕێگەیە بۆ سڕکردنت. ئەگەر گازەکە هەڵبمژیت، دوای ئەوەی بێ هۆش دەبیت کانولایەکت بۆ دادەنرێت، بۆ ئەوەی پزیشکە سڕکەرەکە بتوانێت سڕکەری زیاتر، ئازارشکێن یان دەرمان و شلەمەنی ترت پێ بدات لەماوەی نەشتەرگەرییەکەت. هەردوو شێوازەکە دەکرێت ببنە هۆی سەر گێژخواردن پێش ئەوەی بە تەواوی بێ هۆش ببیت.
- ئەگەر بتەوێت، لەوانەیە باوانت یان بەخێوکەرەکەت بتوانێت لەگەڵت بمێنێتەوە تا ئەوکاتەی بێ هۆش دەبیت. دوای ئەوە، دەتوانن لە ژووری چاوەڕوانی یان قاوشەکە چاوەڕێت بکەن. یان لەبری ئەوە، پەرستارێک لەگەڵتدا دەمێنێتەوە لەکاتێکدا دەرمانی سڕکردنەکە دەستبەکار دەکات.

## کانولا

- کانولا بۆرییەکی پلاستیکی باریک و نەرمە کە دەخرێتە ناو خوێنهێنەرێکەوە، بە شێوەیەکی ئاسایی لە پشتی دەستت دادەنرێت.
- لەوانەیە پێشنیاری کرێمێکی سڕکەر یان پرژێنەرێکی ساردی تایبەتت بۆ بکرێت بۆ پشتی دەستت بۆ کەمکردنەوەی هەر ناڕەحەتییەک لەکاتی دانانی کانولاکە.
- دەرزییەکی بچووک بەکاردێت بۆ دانانی کانولاکە، دواتر دەرزییەکە ڕاستەوخۆ لادەبرێت.
- هەر کە کانولاکە چووە شوێنی خۆی، دەتوانیت دەرمانەکانت وەرگریت بەبێ بەکارهێنانی دەرزی تر. دەکرێت ئەمە هەندێک جار ببێتە هۆی کەمێک سەرمابوون، ختوکە یان ناڕەحەتییەکی کەم.
- بەشێوەیەکی ئاسایی کانولاکە لەشوێنی خۆی دەمێنێتەوە دوای نەشتەرگەری بۆ حاڵەتێک ئەگەر پێویستت بە ئازارشکێن، شلەمەنی یان دەرمانی تر هەبوو لە دواتردا.

# لەکاتی سڕکردن

- پزیشکێکی سڕکەر بەدرێژایی کات لەگەڵتدا دەمێنێتەوە.
- کاری پزیشکی سڕکەر ئەوەیە کە تۆ بە سەلامەتی بهێڵێتەوە و بەپێی پێویست دەرمانی سڕکەر و ئازارشکێنت پێ بدات بۆئەوەی بە بێ هۆشی بمێنیتەوە تاکو نەشتەرگەرییەکە تەواو دەبێت.
- پزیشکی سڕکەر لە تەواوی نەشتەرگەرییەکە زۆر لە نزیکەوە چاودێریت دەکات (کە پاڵەپەستۆی خوێن، ڕێژەی لێدانی دڵ و هەناسەدان دەگرێتەوە).

# بەهۆشهاتنەوە لە دواتردا

- نەشتەرگەری و پشکنین کاتی جیاواز دەخایەنن، بەڵام هەر کە نەشتەرگەرییەکە کۆتایی هات، پزیشکی سڕکەر دەوەستێت لە پێدانی دەرمانی سڕکەر پێت. ئەمەش ڕێگەت پێ دەدات کە دوای نزیکەی پێنج خولەک بەهۆش خۆت بێیتەوە.
- ڕەنگە لە ژووری چاکبوونەوە هۆشت بێتەوە بەڵام لەوانەیە چەند خولەکی سەرەتات بیر نەیەتەوە یان نەتوانی درک بەوە بکەیت کە بەتەواوی لەکوێیت. ئەندامێکی ڕاهێنراو لە تیمی ژووری نەشتەرگەری، کە بەشێوەیەکی ئاسایی پەرستارێکی بەشی چاکبوونەوەیە، لەم کاتەدا چاودێریت دەکات.

- چۆن هەست دەکەیت دواتر، دەکەوێتە سەر جۆری نەشتەرگەرییەکە و ئەو دەرمانە سڕکەرەی وەرتگرتووە. هەندێک کەس لەوانەیە هەست بە ئازار یان وشکی قورگ یاخود سەرئێشە بکەن، یانیش کەمێک خەواڵوو بن. پزیشکە سڕکەرەکەت بەشێوەیەکی ئاسایی دەرمانت پێ دەدات بۆ ڕێگریکردن لە نەخۆشکەوتن یان هەست کردن بە نەخۆشی، بەڵام کە شتێکیش دەخۆیت یان دەخۆیتەوە هەست بە باشتربوون دەکەیت. هەندێک جار لەوانەیە هەست بە کەمێک سەرمابوون یان لەرزین بکەیت. ئەگەر وابێت، بەتانییەکت پێ دەدرێت تا گەرمت بکاتەوە.

## چارەسەری ئازار

- زۆر گرنگە ئازار ڕێگری لێ بکرێ و چارەسەر بکرێت، وە هەندێک خەڵک (و هەندێک لە جۆرەکانی نەشتەرگەری) زیاتر پێویستییان بە کەمکردنەوەی ئازار هەیە لە هەندێکی دیکە.
- چارەسەرکردنی ئازار ئاسانترە پێش ئەوەی خراپتر ببێت، لەبەرئەوە پێویستە داوا لە پەرستاری چارەسەربەخش یان پزیشکی سڕکەر بکەیت یارمەتیت بدات هەرکاتێک هەستت بە نائاسودەیی کرد، نەک چاوەڕێ بکەیت تاوەکو خراپتر دەبێت.

## لەپشت قاوشەکەوە

- لەوانەیە سەرەتا زۆر هەست بە ماندوێتی بکەیت.
- ئەگەر هەر کێشەیەکت هەبوو، بە کەسێک بڵێ تا بتوانێت یارمەتیت بدات. لەوانەیە پێویست بکات زەنگ لێ بدەیت یاخود داوا لە باوان یان بەخێوکەرەکەت بکەیت پەرستارێکت بۆ بدۆزنەوە.
- چەندە زوو دەتوانیت دووبارە بخۆیت و بخۆیتەوە پشت دەبەستێت بە جۆری ڕێکارەکە و ئەو ئازارشکێنانەی کە وەرتگرتوون. پەرستارەکەت یان پزیشکە سڕکەرەکەت دەتوانێت ئامۆژگاریت بکات.
- لە نەخۆشخانە دەمێنیتەوە تا ئەو کاتەی سەلامەتە بڕۆیتەوە ماڵەوە. بۆ کۆمەڵێک لە ڕێکارەکان، دەتوانیت هەمان ڕۆژ بڕۆیتەوە ماڵەوە ئەگەر تەندروست بیت و ڕێکارەکە سادە بێت.

# مەترسییە پەیوەندیدارەکان بە سڕکردن

سڕکەرە هاوچەرخەکان زۆر سەلامەتن. هەندێک کاریگەری لاوەکی لە دەرمانی سڕکەردا یان کەلوپەلە بەکارهاتووەکاندا هەن، کە بەگشتی مەترسی ڕژد نین و زۆر نامێننەوە. پزیشکە سڕکەرەکەت ئەو مەترسییە تەندروستییانە لەگەڵ تۆ و باوانت یان بەخێوکەرەکەت باس دەکات کە پێی وایە ڕژدن بۆت. دەتوانیت وردەکاری زیاتر دەربارەی مەترسییە پەیوەستەکان بە سڕکردنەوە بخوێنیتەوە لەسەر ماڵپەڕەکەمان، کە لێرەدا بە زمانە جیاوازەکان بەردەستە:
www.rcoa.ac.uk/patientinfo/translations#languages.

# سڕکەری بەشی و گشتی

- دەتوانیت هەندێک جار هەڵبژێریت کە بەئاگا بیت لەکاتی نەشتەرگەرییەکەتدا. ئەگەر ئەوە بگونجێت، پزیشکە نەشتەرگەرەکەت و/یان پزیشکە سڕکەرەکەت لەگەڵ خۆت و باوانت یان بەخێوکەرەکەت ئەوە تاوتوێ دەکەن. لەم حاڵەتەدا، دەکرێت دەرزی سڕکەری بەشی وەربگریت بۆ سڕکردنی بەشێک لە جەستەت تا لەو شوێنە هەست بە ئازار نەکەیت.
- ئەگەر پێتوایە کە دەتەوێت بەئاگا بیت، دەتوانیت لە هەڵسەنگاندنی پێشوەختەتدا تاوتوێی ئەوە بکەیت.

# ئەگەر دەتەوێت زیاتر بزانیت

- دەتوانی زانیاری زیاترت دەستبکەوێت لە ماڵپەڕەکەمان کە لێرەدا بە زمانی جیاواز بەردەستە:
www.rcoa.ac.uk/patientinfo/translations#languages.

## ڕاگەیاندنی یاسایی

بارەیەوە بدەین .ئێمە پێشبینی ئەوە ناکەین ئەم زانیارییە گشتیانە وەڵامدەرەوەی هەموو پرسیارێکتان بن و هەڵگری هەموو ئەو شتانەی بۆ ئێوە گرینگن .باشتر وایە بڕیارەکانتان و هەر جۆرە نیگەرانییەکتان بە تیمی پزیشکیی خۆتان ڕابگەیەنن و ئەم بروشورە وەك ڕێنوێنێك بەکار بێنن .ئەم بروشورە باشترە وەك تاکە سەرچاوەی ئامۆژگاری لەبەر چاو نەگیرێت .نابێت بۆ مەبەستی تیجاری و پیشەیی بەکار بهێنرێت .بۆ ئاشکراکردنی تەواوەتی، تکایە کرتەیەك لێرە (www.rcoa.ac.uk/patient-information/translations/sorani) بکەن.

هەموو وەرگێڕانەکان لەلایەن گرووپی ›وەرگێڕانی بێسنوور‹ ئامادەدەکرێن و تێکستەکان لە رووی کوالیتییەوە پێداچوونەوەیان بۆ دەکرێت بۆ ئەوەی تا ئەو جێیەی بکرێت بێ هەڵە بن، بەڵام دیسان ئەگەری ئەوە هەیە هەندێکیان هەڵەیان تێدا بێت یان زانیارییەکان بە درووستی وەرنەگێڕ

### پێمان بڵێ ڕات چییە

پێشوازی لەهەر پێشنیازێک دەکەین بۆ باشترکردنی ئەم نامیلکەیە.

ئەگەر هەر تێبینییەکت هەیە حەزدەکەیت بیگەیەنیت، تکایە ئیمەیڵ بکە بۆ: patientinformation@rcoa.ac.uk

**Royal College of Anaesthetists**
Churchill House, 35 Red Lion Square, لەندەن WC1R 4SG
02070921500

# www.rcoa.ac.uk

چاپی چوارەم، تشرینی یەکەم ٢٠٢٤

ئەم نامیلکەیە لە ماوەی سێ ساڵ پاش بەرواری چاپکردنی پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت.

**Royal College of Anaesthetists and Association of Paediatric Anaesthetists of Great Britain and Ireland 2024 ©**

دەکرێت ئەم نامیلکەیە لەبەربگیرێتەوە بۆ مەبەستی بەرهەمهێنانی بابەتی زانیاریی نەخۆش. تکایە ئاماژە بەم سەرچاوە سەرەکییە بدە. ئەگەر حەزدەکەیت بەشێک لەم نامیلکەیە بەکاربهێنیت لە بڵاوکراوەیەکی دیکەدا، دەبێت سوپاس و پێزانینی گونجاو ئاماژەی پێ بدرێت وە لۆگۆ، هێما بازرگانییەکان و وێنەکان بسڕێنەوە. بۆ زانیاریی زیاتر، تکایە پەیوەندیمان پێوە بکەن.